ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

# ئاخۆ بە هەڵبژاردن کێشەکانی ناوخۆی عێراق چارەسەر دەکرێ ؟!!

عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود

وەك روونە لای هەموان لەدوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانییەوە تائێستا عێراق لەکێشەونەهامەتیی وگۆمەڵتاوی خوێناودا دەتلێتەوە ، ئەمەو بێجگە لەکێشە سیاسییەکانی تری ناوخۆیی وەك کوردو عەرەب و تورکمان و کەمایەتییەکانی تریش ، لەسەرووی هەموویشیانەوە کێشەی ( کەرکوك ) ؛ زۆرجار لەپروپاگەندەکانی هەڵبژاردندا دەیبیسین کە گوایا گەر هەڵبژاردن ئەنجام بدرێ و لەکاتی خۆیدا دوانەکەوێ ، ئەوا عێراق دەبێتە عێراقێکی نوێ و هەموو کێشەو چەرمەسەرێکانی ناوخۆی عێراق چارەسەر دەکرێ و ئاودەکرێ بەسەر ئەو هەموو ئاگری شەروو نەهامەتییەی کەتووشی گەلی بێ دیفاعیی عێراقی هاتووە ؛ من لێرەدا وەك بەدوادا چونێك بۆئەو مەسەلەیە ( هەڵبژاردن ) پێم خۆشە بەکورتەیەك تیشك بخەمە سەر هەندێ رووداوو گۆرانکاری گرنگ و بتوانم لەم بابەتەدا وەلامی ئەو پرسیارەی سەرەوە بدەمەوە کەبەمانشێت نووسیومە :( ئاخۆ بە هەڵبژاردن کێشەکانی ناوخۆی عێراق چارەسەر بکرێ ) ؛ سەبارەت بەناوخۆی عێراق هەڵبژاردن ناتوانێ هیچ کێشەیەك لەئێستای عێراقێکی لاواز لەرووی سەربازیی و ئەمنییەوە چارەسەر بکات ، عێراقێك کە رۆژانە دەیان تەقینەوەی جۆراوجۆر بەخۆوە دەبینێ و دەیان کەسی بێ تاوان دەبنە قوربانی ؛ عێراقێك کەئێستا شیعە خۆی بەزۆرینە دەزانێ و خۆی ئامادەکردووە بۆ هەڵبژاردن و بەتەمایە بگاتە کورسی حوکم ، لەبەرامبەریشدا سونییەکان ئەوانیش خۆیان بەمەزڵوم دەزانن و پێیان وایە هەڵبژاردن سیناریۆیەکەو ئەمریکا خۆی کێی بوێ ئەوە دادەنێ ، عێراقێك کە کوردەکانی باشور زیاد لە ملیۆن و نیوێك دەنگیان کۆکردۆتەوە و بەتەمان بەئاواتی دێرینەی خۆیان بگەن کەئازادیی و سەربەخۆییە ، عێراقێك کە تائێستا دەتلێتەوە بەکێشەی نەتەوە کەمایەتییەکانەوە ، بەتایبەت لەشاری کەکوك ، عێراقێك کەبووەتە مەیدانی جموجوڵی سیاسیی و سەربازیی وڵاتانی دراوسێ ، عێراقێك کەبەرەو تەقینەوەی شەری نێوخۆیی دەروات ، ئاخۆ دوای ئامارژەکردن بەم کێشانەو دەیان کێشەی تریش کەلێکۆڵەرەوان باسی لێوەدەکەن ، دەبێ هەڵبژرادن عێراق بەرەو کوێ ببات ؟! دیارە ئەگەر هەڵبژاردن بتوانێ ئەوکێشانە و دەیان کێشەی تری ناوخۆی عێراق و کوردستان چارەسەر بکات ، پێم وانییە کەس گلەیی و گازندەی لە هەڵبژاردن هەبێت ؛ ئەوەی کەجێی سەرنجە ئەوەیە کە ئایا ئەمریکاو کابینەی نوێی حکومەتی بۆش بۆ ئەوەندە سوورن لەسەرجێبەجێ بوونی ئەو بریارەو و داواش دەکەن کەبەهیچ شێوەیەك لەکاتی دیاری کراوی خۆیدا دوانەکەوێ ؟! وەك رۆژنامەی (نیویورك تایمز )ی ئەمریکی باس دەکات و دەڵێ : ئەو هەڵبژاردنە یەکەمین هەنگاوە بۆ عێراقیەکان بۆ ئەوەی بتوانن وڵاتەکەیان رزگاربکەن لە سەدان کێشەو نەهامەتیی و عێراقێکی ئازادو شیاو بەژیانی مرۆڤەکان دابمەزرێنن ؛ وەهەروەها نووسەری ئەوبابەتە (تۆماس فریدمان ) دەڵێ : لەگەڵ ئەو هەموو داواکارییەی ئەمریکا بۆ بەرێوەچوونی هەڵبژاردن ، هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانانی ناتوانن ئەمن و ئاسایشیی وڵات بپارێزن ، ئەمەش بەڵگەیەکی روونە لەسەر نەبوونی دەسەلات و یاسا لەعێراقدا ! هەڵبژاردن لە وڵاتێکدا کە بۆش دەڵێ : هێزەکانی ئاسایشی عێراقی کەلەسەر دەستی هێزەکانی ئەمریکا مەشقیان پێکراوە بەهیچ

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

شێوەیەك تواناو ئامادەییان تێدا نییە کەبتوانن ئەمن و ئاسایشی وڵات بپارێزن ، ئەم وتەی بۆشە لەکاتێکدا بوو کەتەواوی رێکخراوە مرۆییەکان لە عێراق پاشەکشەیان کرد لەبەر نەبوونی ئەمن و ئاسایش لەو وڵاتە ؛ بەڵێ لەگەڵ بوونی ئەو هەموو کێشەو نەهامەتیانە لەعێراقدا بۆش و حکومەتەکەی هەر سوورن لەسەر هەڵبژاردن و دەڵێن نابێ لە کاتی دیاری کراوی خۆیدا دوا بکەوێ ، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەو قەول و قەرارانەی کە بۆش لەکاتی هەڵبژاردنەکانی کۆتایی ساڵی ( ٢٠٠٤)ی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە خەڵکی ئەمریکی داوە تا دەنگی بۆ بدەن ، بۆش لەکاتی هەڵبژاردنیدا پروپاگەندەی زۆری کرد کە گوایا لەماوەی چوارساڵی دەسەڵاتی پێشویدا توانیویەتی سەرکەوتنی بەرچاوببینێ لەئەفغانستان و عێراقدا ، تائەوەبوو گەلی ئەمریکی لەترسی گیانی خۆیان و ئەمن و ئاسایشی وڵاتەکەیان دەنگیان دایە بۆش ، ئێستاش بۆش دەیەوێ بەهەڵبژاردن لە عێراقدا ئەوە بسەلمێنێ بۆ گەلەکەی کەبەڵێ عێراق وڵاتێکی ئازادو دیموکراتییە و ئەوەتە پاش رووخان و لەناوچونی حیزبی بەعس لەسەر دەستی هێزەکانی ئەمریکا گەلی عێراقی بەئازادانە لەپرۆسەی هەڵبژاردن بەشداری دەکەن ؟! گەلی ئەمریکیش وەك ( مایکل شیوار *)ی ئەندامی پێشووی دەزگای سیخوری ئەمریکی و بەرپرس لە رێکخراوی ئەلقاعیدە دەڵێ :(گەلێکن ترسێنراون بەناوی ئیرهابەوە و بوونەتە قوربانی سیاسەتەکانی حکومەتی ئەمریکا)، بۆیە پرۆسەی هەڵبژاردن لەعێراقدا تەنهاو تەنها بۆ پشتگیریی و دڵنیایی گەلی ئەمریکییە بۆسیاسەتە چەوتەکانی بۆش و ناتوانی ٚ لەئێستای عێراقدا هیچ گۆرانکارییەك ئەنجام بدات ، ئەو بۆشەی کە ( مایکل شیوار )ی ئەندامیی پێشووی دەزگای سیخوری ئەمریکی لەبارەیەوە دەڵێ : ( ئەمریکا گەورەترین دەسەڵاتی سەردەم بوو کە لەبەرامبەر رێکخراوی ئەلقاعیدەو نەیارەکانیدا چۆکی داداو تائێستاش ئەو بەڵێنانەی داویەتی بەگەلی ئەمریکی نەهاتووەتە دیی و بەڵکو لەعێراق و لەئەفغانستان هێزەکانی تووشی شکان و نەهامەتی هاتوون )؛ ئایا بۆدەبێ گەلی بەش مەینەتی عێراقی ببنە قوربانی سیاسەتەتی گەندەڵی ئەمریکاو دارودەستەکەی لەعێراقدا ؟ تاکەی دەبێ حکومەتی ئەمریکا دان بەو راستییەدا نەنێت کەکۆسپی هەرەگەورەی عێراق بەرێوەچوون یان بەرێوەنەچوونی هەڵبژاردن نییە ، بەڵکو چوونە دەرەوەی هێزەکانییەتی لەو وڵاتەداو دانەوەی جڵەوی کارەکانە بۆدەست عێراقییەکان خۆیان و پاشان نەتەوەیەکگرتووەکان ، ئەگەرببن !

سەبارەت بەپرۆسەی هەڵبژاردن لەکوردستان دیارە هەندێ کێشەی تایبەت هەیە لەئاست عێراقدا کە لەکوردستان ئەو کێشانە بەدی ناکرێن ، بەڵام ئەوەی کەجێی باسە ئەوەیە کەهێشتا چارەسەری بنەرەتی بۆزۆرێك لە کێشە نێوخۆییەکانی هەرێمی کوردستان دانەنراوە و هەرکات دوژمنانی کورد ویستیان لێبوو تەنانەت لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی ئەمریکاش لەناوچەکەدا هێرش دەکەنە سەرهەرێمی کوردستان ، بەتایبەت کێشەی کەرکوك کە هێشتا وەك خۆی ماوەتەوە و هاوپەیمانانی حکومەتی هەرێم ( ئەمریکا ) یەکلایان نەکردۆتەوە !! پرۆسەی هەڵبژاردنیش تەنهاو تەنها لەئاست عێراقدا بەگشتیی قازانجی لێ دەکرێ، ئەگەربکرێ ، ئەگینا ناوخۆی هەرێم ئەو هەرێمەی کەتائێستاش سنووری دیاری کراوی خۆی نییە ، مەبەستم لەسنووری دیاری کراو ، کوردستانی بوونی کەرکووکە ، ئەگەر نە ، کوردستان بێ سنوور دەمێنێتەوە ؛ وەك زۆرێك لەنووسەرە کوردەکانی لای خۆمان دەڵێن : ئێمە چاوەروان بووین قسە لەسەر کوردبوونی ناوچەکانی موسڵ و

ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

دەوروبەری بکرایا ، کەچی ئێستا باس هەرباسی کەرکوکە ! دەبوو بەم پرۆسەی هەڵبژاردنە زەختێك بخرایەتە سەر زلهێزان تاکو کێشە یەکلانەبووەکانی کورد یەکلابکرایەتەوە ، ئەوەتە بۆنموونە لە بەرواری (٢٧)ی ئۆکتۆبەری تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٤ گەورەترین کۆبوونەوە بووە لەنێوان کارناسانی سیاسیی و سەربازیی و ئاسایشی وڵاتی تورکیا سەبارەت بەکێشەی هەرێمی کوردستان و دروستبوونی حکومەتێکی کوردی لەعێراقێکی فیدراڵدا ، تائێستاش تورکیا هەربەتەمایە بەناوی بنەبرکردنی گەریلاکانی پەکەکە هێرشی سەربازی بکاتە سەر هەرێمی کوردستان و بەخەیاڵی خۆی لەماوەی ٢٤ سەعاتدا بگاتە شاری کەرکوك ، ئەڵبەتە ئەو بەرنامەیە بەرەزامەندی تاران و دیمەشق بەرێوە دەچێ و زۆریکیش پێیان وایە کە بەئاگابوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاشە !! لەکۆتاییدا هەر ئەوەندە دەڵێم / ئێستا تازە بەتازە دوای ئەو هەموو **( کبش الغداء)**یەی کورد کردی وەفدی کوردی دەچێتەوە بەغداد و لەگەڵ حکومەتی مەرکەزی دادەنیشێ سەبارەت بەکەرکوك و هەندێ شتی تریش کە ئێمە نایزانین !! خۆزگا دەسەڵاتداران و سیاسەتمەدارانی کوردی چەندە بەپەرۆشن بۆ ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردن لەعێراق و کوردستان بەرێوە بچێ ، ئەوەندەش بە پەرۆش بوونایە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە هەنووکەییەکانی ناوخۆی هەرێم و دەوروبەری .

* ( مایکل شیوار ) ئەندامی پێشووی دەزگای سیخووری ئەمریکا بووەو بەرپرس بووە لە جموجوڵەکانی رێکخراوی ئەلقاعیدە ، پاش هێرشەکانی ئەمریکا بۆ سەر ئەفغانستان و دامەزراندنی حکومەتی کارزای ، ئەم بەرپرسە باڵایە دەستی لەکارکێشایەوە و کتێبێکی سەبارەت بەدژایەتی رۆژئاواییەکان بۆئیرهاب خستە بازاری ئەمریکاوە بەناوی (بۆچی رۆژئاواییەکان لەدژایەتییان بۆئیرهاب شکستییان هێنا ؟ ) ئەم کتێبە زۆرێکی زۆرینەی نهێنییەکانی جەنگی دژە ئیرهابی لەخۆگرتووە و زۆرێك لەراستییەکانی خستووەتە بەر دیدی خوێنەران .

ZAGROS WEBSITE